# دواخستنی گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان و هێشتنەوەی بۆ داهاتوو، بە هەر بیانوویەک بێت، تاوانە

ئەمجەد شاکەلی

ئەگەر کورد لە دامەزراندنی عیراقی ساڵانی 1920ەکاندا ڕۆڵێکی لەبەرچاوی دیتبێت و سەدان تەوفیق وەهبی، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، ماجید مستەفا، بەکر سیدقی، جەعفەر عەسکەری و...بووبن و ئەوانیش پێشەنگی عیراقییاندنی کورد بووبن، ئەوا لە مێژووی دواتری پاش ئەو ساڵانەشدا، کورد لەو ڕووەوە درێخی نەکردووە و لە عیراقییاندنی کورددا، جێ دەستی دیار بووە. نەوە لە دوای نەوە و ساڵ لە دوای ساڵ، خەڵکانی دیکەی هەمان ڕێبازی عیراقییاندنی کورد، پەیدا بوون و کاریان بۆ ئەو مەبەستە کردووە. فوئاد عارف، ئەحمەد موختار بابان، سەعید قەززاز، خالید نەقشبەندی، تاها شێخ ئەحمەد، عەزیز ئەلحاج، موکەڕڕەم تاڵەبانی، عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف، هاشم عەقراوی، مەلا ماتۆر، شێخ جەعفەر بەرزنجی، تاها موحیەددین و ...سەدانی دیکە، نموونەگەلێکن لەو خەڵکانە. ئەمانە خەڵکانێکن بەشێکیان لە دەرێی بازنەی حیزبە نەتەوەییە کوردەکان و بەشێکیان بە پلەکانی پەیژەی دەسەڵاتدا هەڵزناون و بەشێکیشیان ئەندامان و هەوادارانی حیزبگەلێکن، چ کورد و چ ناکورد، کە هەر بۆ خۆیان عیراقییانە بیریان کردووەتەوە، وەک حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و تەنانەت حیزبە کوردییە بەناو نەتەوەییەکانیش، بە تایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان(پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە ئەوانیش هەمیشە پرۆسەی عیراقییاندنی کوردیان پیرۆکردووە. بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا، هەر لە دوای نەمانی حیزبی "هیوا"وە، ئیدی عیراقییانە ئاراستە کراوە و عیراقێنراوە. سەرانی کورد بۆ خۆیان ئێستاش ئەو تێزە و ئەو کارە"عیراقییاندنی کورد" برەو پێ دەدەن و ئەنجام دەدەن. وەک چۆن فلستین بنەما و بزوێنەری بزاڤی ڕزگاریخوازی عەرەب بووە و هۆی یەکخستنی بیروڕا و تێڕوانینەکانیان بووە، کەرکووکیش بۆ کورد هەر ئەو جێگە و پایەیەی هەبووە و هەیە. کە پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە و کورد نەگەیشتووەتە مەبەست و ئامانجەکانی، کەرکووک گرێکوێرەی ئەو پرسە بووە. کە کورد لەگەڵ تەواوی دەسەڵاتدارانی عیراقدا هەر لە دروستبوونی عیراقەوە پێکنەهاتووە و ناکۆک بووە، کەرکووک هۆیەکی بنەڕەتی بووە لەو ناکۆکی و پێکنەهاتنانەدا. بەو هەڵوێستە سست و خەمسارد و سازشکارانەیەی سەرانی ئێستای کورد، لە هەمبەر کەرکووک و تەواوی دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانی بندەستی بەعس، لە کاتی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسدا نواندیان و بەوەی بۆ خۆیان و بە دەستی خۆیان نەیانتوانی عەرەبی عەرەباندنی کەرکووک وەدەرنێن و بەوەی، ڕێژەی ئەندامانی کوردی ئوستانداریەتیی کەرکووکیان بە ¼ ی ئەنجومەنەکە دانا و بەوەش بۆ خۆیان کوردیان کردە کەمینە و بەوەی، بەرەی تورکمانیی شۆڤینیستی دژ بە کوردی نۆکەری تورکیایان لەگەڵ خۆ بردەوە کەرکووک و بەوەی، بە قانوون و بە پەنجەمۆری خۆیان، قایلبوون بە مانەوەی کەرکووک لە دەرێی سێ ئوستانەکەی دیکەی کوردستان و کەرکووک بۆی نەبێت لەگەڵ ئەو سێ ئوستانەدا فیدرالییەک پێکبهێنێت، بەوانە و بە زۆر شتی دیکە، سەرانی کورد بۆ خۆیان کێشەی کەرکووکیان هێندەی دیکە سەخت و ئاڵۆز کرد و کارێکی وایان کرد کە، بەو هەموو هێز و سەقامگیری و لەشکر و پەرلەمان و ئابووری و سیاسەتکار و گەل و حیزبانەوە، کە هەیانە و لەگەڵیاندان، ئەمان بۆ خۆیان لەبەردەم عیراقییانی تا دوێنێ پەڕیوە و ئاوارەی هەموو عەردێکی ئەم جیهانەدا، بپاڕێنەوە و لەوان داوای کەرکووک بکەن. من پێموایە ئەمە شەرمە و ئەمە کێماسییە و ئەمە ئەوپەڕی دۆڕانی سیاسییە، چونکە دەبوو ئێستاکە ڕێک بە پێچەوانەوە بووایە و دەبوو ئێستا عیراقییەکان هاتبانە کوردستان و لە کەرکووک(وەک پێتەختی کوردستان)، لە سەرانی کورد و لە گەلی کورد داوای لێخۆشبوونیان کردبا و بپاڕابانەوە، بۆ ئەوەی کورد قسەیەکیان لەگەڵ بکات، یا ڕێگە بە خزمەکانیان(عەرەبە چێنراوەکان) بدات، تا جلک و جەواڵیان بپێچنەوە و بە بێ شەق و دارکاری و تێهەڵدان و خۆڵەکەوەدۆ بەسەرداکردن کەرکووک بەجێبهێڵن. ئێستا ڕێک پێچەوانەیە. ئێستاکە لە دوای ڕووخانی سەددامەوە، سەرانی کورد، "دروستکردنەوە و بیناکردنەوە و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق"، بووەتە ویرد و سەڵاواتی سەر زاریان و پەیتاپەیتا وەک بنێشتەخۆشە دەیجوونەوە و دەیڵێنەوە، لە کاتێکدا دەبوو هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە تەواوی کار و کۆشش و هزر و ئاوەزیان بۆ ڕووخاندن و داتەپینی ئەو قەوارەیەی، کە نێوی عیراقی لێ نراوە، تەرخان کردبا. دەبوو هەوڵی هێنانەگۆڕێی هەموو

هەلومەرجێکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو عیراقەیان دابا. دەبوو خەڵکی کوردیان هاندابا بۆ ڕێپێوان و خۆپێشاندانی بەردەوام بۆ سەربەخۆیی و ئازادی باشووری کوردستان. ئێستاکە ڕێک پێچەوانەی ئەوانە دەکەن. ئێستاکە ئەمان(سەرانی کورد) چاکیان لێ هەڵماڵیوە و وەدووی عیراقییەکاندا هەناسەیان سور بووە و هەرا دەکەن و داوای "فیدرالی" و "کەرکووک" و ...یان لێ دەکەن. یەکێک لەو شتە سەیروسەمەرە و سەرسووهێنەرانەی، کە مرۆڤ دەبێ بیری لێ بکاتەوە ئەوەیە، بەشێکی ئەو قانوونی"58"ەی، کە کورد باسی لێوە دەکات، گەڕانەوەی شارۆچکە و قەزا و ناحیە و دەڤەرەکانی جاران(پێش عەرەباندن)ی سەر بە کەرکووکە بۆ سەر کەرکوک. سیان لەو قەزایانە (چەمچەماڵ، کەلار، کفری) هەر لە 1991ەوە لە ژێر دەسەڵاتی کارگێڕیی حوکوومەتی کوردستان(سلێمانی)دان، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە ئەو قەزایانە بخرێنەوە سەر کەرکوک. ناحیەکانی قەرەتەپپە و جەبارە و کۆکس و گوندەکانیان، کە سەر بە "کفری"ن و جارانیش سەر بە کەرکووک بوون و ئێستاکە لە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی کوردستان(سلێمانی)دان، هێشتا نەخراونەتەوە سەر قەزای کفری. مەخموور، کە تا 1996 سەر بە هەولێر بوو و پاشان ڕێژیمی بەعس خستییە سەر مووسڵ و ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی کوردستان(هەولێر)دایە، هێشتا نەخراوەتەوە سەر هەولێر. من پێموایە دەسەڵاتداریەتیی ئەو قەزا و ناحیانە و بە بڕیارێکی حوکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانی، دەبوو بۆ خۆیان بڕیاری بەجێهێنان و جێبەجێکردنی ئەو بڕگەقانوونەی، کە پێوەندی بەو باسەوە هەیە دابا و کارگێڕی ئەو قەزا و ناحیانە هەر بۆ خۆیان، پێوەندیان لەگەڵ کارگێڕی عیراقدا پساندبا و تەواوی پێوەند و نامە و قسە و باسیان لەگەڵ حوکوومەتەکانی کوردستاندا گرێ دابا و ڕووی دەمیان لەوان کردبا. سەرانی کورد، کە هێشتا بۆ خۆیان ئەوەیان نەکردبێت، ئیدی چۆن چاوەنۆڕن عیراقییان، بە "حوسن و مەحزی ڕەزای خۆیان" و هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری کەرکووک، کە هەموو جیهان هەر بە ناوهێنانی لیکی بەدەمدا دێتە خوارێ، ببن!. تەواوی ئەو قانوون و کارانەی ڕێژیمی بەعس بۆ گۆڕینی سیمای کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی باشووری کوردستان، دایاننابوون و کردوویانن، دەبوو سەرانی کورد هەر لە یەکەم ساتی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەوە، هەر هەموویان سڕیبایەوە و تووڕهەڵدابا و لەگۆڕ نابا. لە وڵات(عیراق)ێکدا، کە ئەسڵەن زۆڵەک و بیژییە، سەرانی کورد دەبوو، ڕووخانی ڕێژیمی بەعسیان بە ڕووخان و داتەپینی دەوڵەتی عیراق و قەوارەی عیراق و بیری عیراقیەتییان دانابا و هەوڵی لەگۆڕنانی ئەو عیراقەیان دابا. بە وەها بیرکردنەوە و کردارێک، کەرکووک دەبووەوە کوردستان و کوردستانیش ئازاد دەبوو. کە کەرکووک وەک خاک و مێژوو و جوگرافیا و...کوردستان بێت، ئیدی شەرمە بۆ سەرانی کورد باسی ئەوە بکەن، کە بە ئامار و ڕای خەڵک و دەنگدان و...کوردستانیبوونی کەرکووک بسەلمێندرێت. ئەگەر عیراقییەکان (عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدان، ئەرمەن، عیسایی، شیعە، سوننە، مەندائی و...)، بە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان و بە کوردستانیبوونی کەرکووک قایل نابن، ئیدی شەرمە بۆ سەرانی کورد هێندە درێژدادڕی لە سەر ئەوە بکەن. سەرانی کورد ئەگەر بە تەنگ پرسی کورد و کوردستانیبوونی کەرکووکەوەن و ئەگەر بیر لە پایە و کورسی و ناو ناکەنەوە و بەغدا و عیراق بەهەند وەرناگرن و پێیان شت نیین، پێموایە تاکە یەک ڕێگەیان لە بەردەستدا ماوە و ئەویش تاکە ڕێگەیەکی دروست و کوردانەیە، ڕێگەی خۆکێشانەوەیە لە بەغدا لەو گفتوگۆ بێئەنجام و بێبەرانە و لە تەواوی دەسەڵات و کارگێڕییە عیراقییەکە و گەڕانەوەیە بۆ کوردستان و بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کورد و ویژدانی مرۆڤی کورد. بەوەش کورد، ئەگەر شتێک لەدەست بدات، ئەوا کۆت و بەندی عیراقیەتییەکەتی و هیچی دیکە، بە لەدەستدانی ئەو کۆت و بەندانەش دەبێتەوە خاوەنی خۆی. چارەسەرنەکردنی پرسی کەرکووک و نەگێڕانەوەی بۆ ئامێزی کوردستان بە یەکجارەکی و دواخستنی بۆ کاتێکی دیکە و دواتر و دوای ئەمە و ئەوە، تەنێ بیانوو و گاڵتەکردنە بە پرسی کەرکووک و بە خەڵکی کورد و درێژەدانە بە عەرەباندن و داپڕینێتی لە کوردستان. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد بە دواخستنی چارەسەرکردنی ئەو پرسە چارەنووسازە، هەڵەکانی دەیان ساڵەی سیاسەتی کورد دووپات دەکاتەوە و تاوانێکە لەهەمبەر دواڕۆژی کوردستان و نەتەوەی کورد دەیکات. ئەگەر باشووری کوردستان و عیراق ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارێک بن و بە یەک تاڵەموو پێکەوە گرێ درابن، چارەسەری یەکجارەکی کەرکووک و دواڕۆژی باشووری کوردستان، بە گرتێبەردانی ئەو تاڵەمووەیە، بە گڕیی ئاگرە هەمیشە زیندووەکەی باوەگوڕگوڕ.

2005/3/15